# مولوی و عرفان

صباح جباری

به ناوی زاتێك كه هەمووی ڕەحمەو ڕەحمەتی لێ دەجوشێ.
و درودو سلاو له سەر فەخری ئەفلاكو ساحێبی خەلاتیو ما ارسلناك.

هەروا ئەزانین ماموستا (عبدالرحیم) كوڕی (مەلا سەعید) ناز ناو به (مەعدوم)و به ناوبانگی (مەولەی) له سالی ۱۲۲۱ كوچی له دێ (سەرشاته) له دایك بووەو هەر له منالی دەس ئەكات به خوێندنی قورئانی پیروزو زمانانی عەرەبیو فارسی. له پاشان بو درێژه پێدان به زانینی، وەك فەقیەكانی ئەو سەردەمه بەرەو شارو دێكانی كوردستانی ئێرانو عێراق چووەو له ئاكام بەلای (ماموستا عبدالرحمن نودشه)وه ئیجازه وەر ئەگرێتو دەس ئەكاته دەرس دانو دەرس وتن. بەلام پاش ماوێكی هەوای سوفیەتی ئەكەوێ سەریو ئەچێ بو خزمەتی (شیخ سراج‌الدین)و ئەبێته موریدیو دەمەیكی زور بەلایو خەریك ئەبێ به پاك كردنەوەی نەفسو سولوك تا بەلای ئەوو (خرقه) وەر ئەگرێ هەروا كه باس كرا، مەولەوی خوی ئەخاته دەریای تەریقەتو ڕوحی ئەدا بەر شەپولی بەقوەتی بەحری عێرفانو له هەلبەستو هونراوەكانی دیاره لەم بەحره باش مەلەی كردووەو باش له ڕازو ڕەمزەكانی تێگه یشتووه. لەم وتاره چاوێ ئەخشێنیته له هەلبەسته هەورامیەكانیو لێیان ورد ئەبینەوه با بزانین ماموستای پایه بەرز چون باسی عێرفانو پلەكانی ئەومان بو ئەكات، به تایبەتی پایەو مەقامی فەنا. ماموستا

مەولەوی وەك هەموو عارێفەکان یا باشتر ئەوەیە کە بڵێین عالیمەکانی ئیسلامی بڕوای بە حەوت پایەی عێرفان بووە بویە ئەفەرمێ:

جەشەو هەوارگەی فەناو یەردە — پای هەردەی بەقا یا تاغگە کەردە

خەلیفەی سەدای (ان) شنەفتە — بەڵەد نە سارای ئەطوار هەفتە

وا دیارە فەنا یەکێك لەو حەوت سارانەن کە ئەبێ مورید لەوانە تێ پەڕێ تا ببێ بە مۆرشیدی کامڵ. لەو شەرحەی کە لەسەر دیوانەکەی دا دراوە وا نوسراوە، «ئەهلی تصوف ئەڵێن مورید ئەبێ بە حەوت حاڵدا تێ بپەڕێ تا ببێ بە مۆرشیدی کامل، حەوت حالەکەش ئەمانەن.

١ـ تەصفیەی ڕوح ٢ـ تەصفیەی قەلب ٣ـ سڕ ٤ـ خەفی ٥ـ ئەخفا ٦ـ نەفس ٧ـطەبیعەت».

کە لە لایێکترەوە پێنج دانەی ئەوەڵیان بە لەطایف ناو براوەو وتراوە، «لە عورفی صوفیەدا بە پێنج شوێن ئەڵێن لە سنگی ئادەمیزادا نوری خوایان بە سەرادێ، ئەو پێنچ شوێنە (قەلب) (ڕوح)، (سڕ)، (خەفی) و (ئەخفا)ن». بەڵام هەورا خوی پێش ئەو شێعرە ئەڵێ: (جە شەو هەوارگەی فەناو یەردە) کە وا دیارە پایێك لەو پایەو پلانە ئەبێ فەنا بێ.

بەم بونەوە بەلای منەوە ئەم حەوت حالە تەنها ئەو حەوت حالە کە باس کران نین. جگە لەوانە حەوت حاڵێکە هەن کە عارێفەکانی پێشو وەك (شیخ فریدالدین عطار نیشابوری) بڕوایان پێیان بووە کە مەولەوی لە چەند جێگەیکی باسیان ئەکات. لێرە بیرو بڕوایو ڕوانگەی مەولەوی لە بارەی ئەو حەوت پلەی عێرفانە باس ئەکەین.

(عطار) ئەو حەوت سەحرایە وا باس ئەکا: ١ـ طلب ٢ـ عشق ٣ـ معرفت ٤ـ استغنا ٥ـ توحید ٦ـ حیرت ٧ـ فنا.

له پیشەوە بەڵێن‌مان دا لە بارەی فەنا بدوین کە نیهایەتی حاڵی عاریفە. بەڵام پێش ئەو باسە چاکتر ئەوەیە بە کورتی باسی ئەو شەش پایەکانی تری بکەین، لە پاشان بچینە سەر ئاخرین پلەی سولوك.

سەحرای ئەوەڵ لە عێرفانا (طەڵەب) یا داواکردنە. کە مورید ئەبێ هەوڵ بدا تا بە خوای گەورە بگات. وا دیارە لەم ریگەیشدا توشی زور کوسپ ئەبیو زور سەختیو بەلا ئەبینێ بەڵام ماوێك کە لەم ڕێگەدا چوو دڵی ڕون ئەبێو ئامادە ئەبێ بو خوشەویستنی شتێك.

های هەلای ماچی گیرت ناوەردەن بوی شەمامەی ئیش عیشقت نەکەردەن
ئازیز وە کەرەم من طەڵەب کەردەن من دەردی دوریم تەوانام وەردەن
بی ئەمری فەرمان ئازیز تاوەکەی ها دەرویش نەی چی‌مەی چی دەفنەی مەی

کە لێرە مەولەوی طەڵەبی خوی دەر ئەبڕێ بە بانگ کردنی دەروێش‌و نەی‌چی‌و ساقی. دووەمین سەحرای، سەحرای (عشق) یان خوشەویستی‌یە، کە مورید عاشێقی مەطڵوبەکەی ئەوێ.

مورید عاشێقی ئەو ذاتە ئەبێ کە بە دوری گڕاوە، بەم بونەوە خوشەویستی یەکەی ئێجگار بە قووەتەو وای پێ ئەکاکە سەر تا پێ مورید ئەبێ بە ئاگرو ئاگر بەر ئەدا وجودی!

ئەند بلێسەی شەوق لێم کەردەن ئەسەر جە لولەی پێشەم گڕ مەیو ئەو بەر
تەمامی ئەعزام مەملوی مەیل تون لێم حاڵی نیەن هەستی وێم جە کون
گر پەی ناروە جد ئە دەرون خێزان بڵێسەی کورەی ئێبراهیم بێزان
لولەی پێشەی وشك نیم سوتەی داخان مەگریو چون شەم شەو نە چراخان

سێ‌هەمین سەحرای (معرفت) یان ناسینە لە دوای ئەوە ئاگری خوشەویستی لە دڵی مورید هەڵگیرسا، سالێك بەو نورە خوشەویستەکەی ئەناسێت‌و زورتر

هەوڵ ئەدا کە ئەو چاکتر بناسێ.

تەمامی بـەدەن مـەغزو ڕەگو پـوس    لێشان بـەرز بـیەن زایـەلەی یـا دەس
تەمامی ئەعزام نەڕوی پـەردەیپوس    مەشغوڵەن وە ذکـر ئـیثبات یـا دوس

چوارەمین پلەی ئێستغنایە. لە دوی ئەوەکە سالێك مەعشوقەکەی ناسی، دڵی بو هیچ شتێکی دیکە ڕا ناکێشێت.

هەر تـونی وەتـاق دانـاو تـەوانـا    توم هەنی هەنی ئـەوکێم بـو هـانا
بەڵام هـەر کـەسێ شـیخ مـیثالەن    عادەت ئیستغناو شیوەش جەلالەن

پاش ئەمە کە خوی بێ نیاز بینی لە هەمو شتێکی تر جگە لە مەعشوقەکەی، دڵو دەرونی خوی پاك ئەکا بوی، غەیر لە ئەوی بو کەسێکی دیکە مەیل ناکات.لێرەیە سەحرای تەوحید ڕون ئەبێتە پێش چـاویا. بـەڵێ پـێنجەمین سـەحرای سـولوك (تەوحیدە) مەبەست لە تەوحید ئەوە نی‌یە کە خوا بە تەنیا بزانی، تەوحید ئەوەیە کە تەنیا بو خوا بژی، خاوەنو ساحێب ئەمرت ئەو بـێتو لەو داوای یـارمەتی کەیێت هەرواکە وتویانە: (توحید نه همه آن است که او را یگانه دانی بلکه آن است که او را یگانه باشی) لەم بارەوە مەولەی ئەفەرمێ:

وجودم یەکسەر خالی جەغەیرەن    تەنیا عەکسی یار تێدا نـەسەیرەن

شەشەمین سەحرای سەحرای حەیرەتە، کە مورید بە ناسینو زانینی گەورەیی خوا سەری لەو هەموشانو شکویە سەرڕ ئەمێنێو حەیران ئەبێ:

ئارامو تـاقەت جـەلام کـوچ کـەردەن    سپای خەم هوشم وە تـاراج بـەردەن
کـائنات جـەلام گـرد تـەصویر تـون    ئەر بانەن ئەر دەشت ئەر شاخەن ئەرکون
هوشو خەیاڵم هـەر هـا جـەلای تـو    فێکرم ذکری تون ئەر شەوەن ئەر ڕو

ئەمە بە کورتی باسی شەش سەحراکەی سولوك بو کەکرا، بەڵام ئاخرین پلەی

عێرفان‌که مورید به تێ پەڕین لێی ئەبێتە مورشیدی کامڵ سەحرای (فنا)یە ئەڵێن:
«فنا از خودی خود رستن است و بقا بـه حـق پـیوستن است» لە بـیرو بـاوەڕی عارێفەکانا سالێك ئەگا ئەو پایەو مەقامە کەوجودی نامێنێ. یەك سەر فانی ئەبێ!

«پس عدم گردم عدم چون ارغنون»    گـویدم کـه انـا الیـه راجـعون»

وە لە خویەوە هێزو دەسەڵاتێکی نابێنی، ئەمەش بەو مانایە نی‌یە کە مـەجبور بێ‌و ئەوکارە بکاکە پێ وتراوە. مانای ئەوەیە خوشەویستی یەکەی وای پێ ئەکا لە بەرامبەر بە مەعشووقەکەی خوی بە هیچ نەگرێت. لە بەر ئـەوە خـوی بـە فـانی ئەبینێ‌و خوای گەورە بە باقی.

ئیمە گشت فانی هەر ئـەون بـاقی    نازون وە بازوی پڕ نەیروی ساقی

ئەمجا جوانتر ئەوەیەکە فانی بون لەگەڵ باقی بونە لە بەر ئەوەکە خوا هەر بووەو هەر ئەمێنی‌و سالێك بە فانی بون لەو ذاتە ئەگاتە پایەی بەرزی بەقا:

«جە شەو هەوارگەی فەناو یـەردە    پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە»

شایانی باسە کە عارێفەکان بڕوایان وایە کاتێ کە مورید ئەگا بە مەقامی فـەنا بەلایو خەوفو ڕجا نامێنێ. نە لە عەزابـی جـەهەننەم ئـەترسێ‌و نـە هـیوای بـە بەهەشت هەیە!

عارێف تەنها لێقای ئەوێت‌و بیر لە لێقا ئەکا:

«کای دڵم نەگـیج مـەوج فـەنادا    مۆلەقەن نەبەین خەوفو ڕجادا

لە سەحرای فەنا لووتکەیکی بەرز هەیە. ئەم لووتکە ئەوەیە کە لە دوای ئەوە. عاریف فانی بو ئیرادێیك بو خوی نابینێ‌و بە نێهایەتی (توکل)ەوە خوی ئەدا بە دەستی خواو بە سەر لوتکەی بەرزی (رضا) ئەگات. ئەو مەقامیشە وایە کە هەرچی خوا بیەوێت ویستی ئەم بووەو هەرچی ئەم بیەوێت خوا ئەوە ئەنجام ئەدا.

«هەر جزوێم پەی وێم مەست لێقاین    هەر یو ئـامادەی ڕەضـای قـەضاین»

یان به قەوڵی مولانا خالید: «ئەر بسو چنیم وەر بەخشیم گوناه ڕەضا ڕەضای تون الحکم الله».

جا لەسەر ئەم لوتکەیە جیاوازێکی لە نێوان وەفاو جەفادا نیە، لەبەر ئەوەکە هەر دویان لە لای خوشەویستە کەیەوە دێن کە (هر چە از دوست رسد نیکوست)

جوانتر ئەوەیە مەولەوی بڕوای وایە لە دوای فانی بون ئیتر کەس نازانێ عارف خۆیەتی یا کو یارە! یانی جیاوازێك لە نێوان عارێفـو یار یان بـڵێن عـاشێقـو مەعشوقدا نابینێت:

مەسم کەرو جام بادەکەی سەرشار     تـا کـەس نـەزانـو مـنەنان یـا یـار!

لە ئاخرەوە سێ دێڕ لە شێعرەکانی مامۆستا لە پێش چاو دێنین کە ئەفەرمێ:

«هـەر کـەسێ دانش نـە فـامش نـەبو     بـینی عـرفانش زو کـامش نـەبو»

«گـرفتی دەمـاخ نـەدابـو پـەرداخ     پەی پەی بوی ئازیز مەیو وە دەمـاخ»

«چەی بوی گیان بەخشە بێ بەش‌مەمانە     ئی سـوبحە خـاسەوە فـرسەت زانـە»

**ئیتر سوپاس لە هەمو لاییك**